# نەبوونی بڕیاری سیاسی سەربەخوو لە ئاستی سەرکردە پارتەکانی باشوور

ئەیوب بارزانی

ێکەك لە گرفتەکانی سەرکردە حزبەکانی باشور کە زور کەم باس لیێ دەکریێ لە میدیای توند قورخکراوی حزبەکان وهەتا لە میدیای ئەهلی، سەربەخوو نەبوونی بڕیاری سیاسیە لە ئاستی "سەرکردەکان" . ئەم دیاردەیە قوولێ چووتە ناو "شێوەی بیرکردنەوە" لە کەسایەتی سەرکردەکانی ئەمرووی باشووری کوردستان، باوك بە میراتی هێشتووە بوو کوڕی خووی. ئەم شێوە بیرکردنەوە کونە و هاتوتە کایەوە بە دروشمی حزبی دیموکراتی کوردستان بە سەروکایەتی مەلا مستفی و ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی لە شەستەکانی چاخی رابردوو، کە بریتی بوو "حوکمی زاتی بوو کوردستان" و "دیموکراسی بوو عراق".

کوێخەکانی حزبی کوردی ئەم پرسە لایان گرنگە: چوون بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خووی ومنالەکان بچەسپێنیێ ؟ وڵام : ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی کار بکەن بووی وەك موچەخووری بیێ شەخسیەت ، ملیشیای گوێرایەلی کوێرانە خووی هەبیێ ، دەزگای پاراستن کە بە تەواوی لە ژێر فەرمانی ئەو بیێ و ئامادەبی بوو ئەنجامدانی هەر تاوانێك پێیبسپێردریێ. دەزگای پرەپاگەندەی کە ژمارەیەکی زوور لە کوێلەکانی کوێخەی حزب خزمەتی دەکەن بوو گەمژەکردنی کومەلگا. بەڵام ئەوە بەشناکات، دەبی پارێزەرەکی دەرەکی بە هێز هەبیێ بتوانی بشتی خووی پیێ ببەستیێ دژ بە ململانیێ هەندەران. پەرادیگمی زورە لە مێژووی کورد ، بەڵام چەند نموونەیەك:

ئەو دیاردەیە لە سالەکانی 1964 تا 1975 بەڕوناکی بینیمان کە لە پەیوەندیەکانی سەروکی پارتی دیموکراتی کوردستان و شاە محەمەد رزا پەهلەوی دامەزرا بوو. بشتی بەستبوو بە شاە دژ بە حکومەتەکانی بەغدا و پاشان دژ بە سەدام حوسەین. بڕیاری سیاسی لە دەست سەرکردەکانی کورد نەبوو، هەر وەك بینیمان لە ساڵی 1975 مانگی ئادار.

شەری خوێناوی لە بەینی هەردو پارتەکەی دیموکرات ، یی مسعود مەلا مستفا ویی عبدالرحمن قاسملو باش 1980 هەمان دیاردە دێنێتە بەر چاو.

پشت بەستن بە سەدام حوسەین 1991 تا هێزە جەکدارە ئەمریکیەکان و هاوپەیمانەکانیان لە 2003 رژێمی سەدام یان ڕوخاند. و بە تانکی سەدام حوسەین ێکەتی نیشتمانی کوردستان دەرکرا لە هەولێری پایتەخت و کلیلەکانی بە سەروکی بارتی دیموکراتی کوردستان بەخشرا لە سالی 1996. دو بەشەکەی کوردستان یی ئەو دەمە و بە خواستی (تاران) و (بەغدا) ماوە تا روژی ئەمرو !

بشت بەستن بە حکومەتەکانی تورك وگویرایەڵی بێ سنور بوو فەرمانەکانی ئەنقەرە لە پاش 2003 تا ئەمڕو، کە دەستگرتوتە سەر سەروەت وسامانی کوردستان وەك خاونی خاکی کوردستان بی. و سەرکردەکانی کورد وەك جەندرمە وموچەخوری ئەو بێ. بە فیتی ئەنقەرە هەرەشە لە نوری المالکی دەکرێ ، دژایەتی دەسکەوتەکانی گەلێ کورد دەکەن لە (کوردستانی رووژ ئاوا) و خەندەق دەکوڵن بو کارەکی لەشکری دژ بە کەلی کورد لە روژ ئاوا.

کاتی ئەوە هاتووە گەلی کورد بە هەمو چینەکانیەوە دەنگ بەرز کات دژ بەو دەسەڵاتەی کە تەسلیمی داگیرکەرێك دەبێ بو بەرژەوەندی تایبەتی خووی. لەکاتی ئێستا باشترین شێوە کە گەلی کورد ببێتە خاوەن بریاری سیاسی خووی ئەوەیە دەنگ نەدا بە دەسەڵاتی ئەمڕوی هەولێر.